# عەبدولی برامان

## وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە

**عەبدولمؤئمین دەشتی**

**ناواخنی ئەو کێشەیەی، کە لەو نوسینە باسی لێ کراوە، کتومت بە هەمان شێوە لە دەستووری نوێی عیراقی بە چارەنەکراوی ماوەتەوە، بۆیە بە پێویستم زانی بە کوردی بیخەمە بەرچاوی زاناکانی ئاینیی و سیاسەتمەدارانی خۆمان، بۆ ئەوەی بوێرانەو دلێرانە لە ئێستاوە چارەسەری بۆ هەر کێشەیەکی لەوبارە دابنێن و هەڵوێستی رۆشنیان لە بارەدا هەبێت. هیوادارم هەردوو لایان هەڵوێست لەو کێشە نیونەتەوەییانە وەربگرن، کە کەم و زۆر پەیوەندییان بە کێشەکانی وڵاتەکەمان هەیە.**

عەبدولرەحمانی ئەفغانی شازدە ساڵ بە لە ئەمرۆ بە هۆی تێکەڵی و کارکردنی لەگەڵ رێکخراوێکی نێونەتەوەیی ئاییینی مەسیحی هاتە سەر ئاینی عیسایی. پاشان گەڕایەوە ئەفغانستان. لەوێ ئێستا لەوانەیە حوکمی لەسێدارەدانی جێبەجێ بکرێت. ئازادی هەڵبژاردنی ئاین بۆ عەبدولرەحمان بووە بە تاوانێك کە سزاکەی لە سێدارەدانە.

مافەکانی مرۆڤ هیچ سنوورێك ناناسێت. بەڵام ئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕ و ئاین زاخ و ناوەرکی مافەکانی مرۆڤە. مافەکانی مرۆڤ جیهانییەو هەموو گۆی زەمین دەگرێتەوەو هەموو کەسێك دەگرێتەوەو هەموو دەولەتەکان پێویستە رێزی لێ بگرن. ئەو مافانە ئازادی گۆڕینی ئاین و هەروەهاش مافی هەلنەبژاردنی هیچ ئاینێکیش دەگرێتەوە. هەروەها مافی پاراستنی ئازادی هەموو بیروباوەڕێکی ئاینییش دەگرێتەوە، هی ئاینی عیساییش. بۆیەشە لەسەر بنچینەی هەموو ئەو راستیانە، پێویبستە ئەو پەڕی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر حوکمدانی کەسێك بە مەرگ هەر لەبەر ئەوەی کە ئاینی عیسایی هەڵبژاردووە. پێویستە هەموو مرڤێك هەر ئاییینێکی هەبێت لەسەر عەبدولرەحمان بێتە دەنگ.

رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە دەستووری دەولەتی ئەفغانیدا، بڕیاری لەسەر دراوە. دەستوورەکە ئەرکی ئەوە دەخاتە سەر دەولەتی ئەفغانی کە رێز لە رێکەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانە

نێونەتەوەییەکان بگرێت، ئەوانەی کە ئەفغانستان ئیمزای کردووە. لەوانە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ و رێکەوتنامەی پاراستنی تسیڤیل و مافە سیاسییەکان، ئەوانە هەموو ئەرکی ئەوە دەخەنە سەر ئەفغانستان کە دا بە مافی گۆڕینەوەی ئاین بنێت. بەڵام لەلایەکی تر ئەفغانستان دانی بە شەریعەتی ئیسلامیش ناوەو لە یاسای سزادانی ئەفغانیدا هاتووە، ئەوەی ئاینی ئیسلام جێ بهێلێت بە مەرگ سزا دەدرێت، ئا لێرەدا یەکنەگرتنەوەو جیابوونەوە لە نێوان شەریعەتی یاسای ئیسلامی و مافەکانی مرۆڤ بە ئاشکرا دەردەکەوێت. کاتێك لە دەستووری دەولەتە ئیسلامییەکان مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ جێگیر دەکرێت و، لەلایەکی ترەوە بە مەرجی ئەوە دەبەسترێنەوە کە "نابێت هیچ یاسایەك کە دژی ئیسلام بووەستێت" بریاری لەسەر بدرێت، ئەوا مافەکانی مرۆڤ دەکەونە ژێر پالەپەستۆو تەنگەتاوی. بە هیچ شێوەیەك ناکرێت و نابـێت ئەو کێشەیە لەسەر حسێبـی ژیان و ئازادی ئاینی غەیرە ئیسلامەکان بە شیکارنەکراوی بمێنێتەوە.

ئەو بڕیارنامە ئیسلامییەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی ناوەندی موسلمانەکانی ئەلمانیا بلاوکراوەتەوە، بە رۆشنی ئەوەی دەرخستووە : "کە دان دەنێین بە مافی گۆڕینی ئاین و هەڵبژاردنی ئاینێکی نوێ، یان هەڵنەبژاردنی هیچ ئاینێك" ئێستا ئەو کێشەیەی کە باسی دەکەین، ئەو دەربڕین و ئەو دانپیانانە دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوە، بۆ ئەوەی نەك هەر بۆ ئاینی عیسایی بەڵکوو بۆ هەموو ئاینەکانی تر شتەکە بە تەواوی رۆشن ببێتەوە. کاتێك موسلمانەکان هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئیسلام "ئاینی ئاشتییە"، پاشانیش ئاوا هەڕەشەی مەرگ لە ژیانی مرۆڤێك دەکەن، سەبارەت بەوەی ئاینێکی تری هەڵبژاردووە، ئەوا ئەو دەربڕینە دەکەوێتە بەر دەم گومان و بڕوا پێ نەکردن.

ئازادی هەڵبژاردنی ئاین نابێت لەگەڵ خەبات و کار بۆ بلاوکردنەوەی ئاین وکاری مسیۆناری تێکەڵ بە یەکتری بکرێن و پێکەوە گرێ بدرێن. ئاینی مەسیحایی و ئاینی ئیسلام و هەموو ئاینەکانی تریش وەك شتێکی ئاسایی ئەو ئەرکە دەخەنە سەر لایەنگرانیان، کە هەولی بلاوکردنەوەی ئاینەکەیان بدەن. ئەگەر ئەو هەوڵدانە بۆ قناعەتهێنانی کەسانی تر بە پالەپەستۆ و بەکارهێنانی هێز و زۆرداری نەبێت، ئەوا مافێکی ئاساییە ئاینەکان بانگهێشتن و پێشوازی لایەنگرانی نوێ بکەن. نابێت کەس دژی ئەمەیان بێت.

هەولی بە زۆر ناردنەوەی زارا کەمالی دیانی ئێرانی بۆ وڵاتەکەی کە ئەویش وەك عەبدولرەحمانی ئەفغانستانی ژیانی دەخرایە بەر هەڕەشە، سالێکی بەسەردا چووە، دەبیستراو دەگوترا کە بوون بە

عیسایی ڕێگە لە هەناردنەوەی کەس ناگرێت، دەتوانرێت دەرك بەوە ببرێت کە لە ناوەوەی ویژدانەوە بیر بۆ ئەوە دەچوو، کە زارا کەمالی دەتوانێت لە دلەوە عیسایی بێت، پێویست بەوە ناکات باوەڕی خۆی پیشانی دەرەوە بدات. دیارە ئەو ئامۆژگارییە بۆ عەبدولرەحمان درەنگەو بە فریای ناکەوێت. بەڵام خودی ئەو ئامۆژگارییەش دژی مافی ئازادی ئایینە. چونکە ئازادی ئاین لەوەدایە کە بتوانیت بە ئاشکرا ئاینەکەی خۆت هەڵببژێریت.

ئێمە ئەگەر ئێستا دژی هەڕەشەی مەرگ لە عەبدولرەحمان ناڕەزایی دەربڕین، دەبێت دان بەو ڕاستییەش دابنێین کە نابێت بە زۆر مرۆڤێك بنێردرێتەوە وڵاتێك کە تێیدا بە هۆی باوەڕی ئاینی ژیان و جەستەی بکەوێتە بەر مەترسی.

تێبینی: ئەو نووسینە لەلایەن ڤۆلڤگەنگ هوبەر نوسراوە. نووسەر سەرۆکی قەشە ئیڤانگلییەکانی بەرلینەوەو سەرۆکی ئەنجوومەنی راوێژکارانی کلێسا ئێڤانگیلیەکانی ئەڵمانیایە.

لە ڕۆژنامەی Der TAGESSIEGEL 23. 3.2006 وەرگیراوە.